# گەنجێك لە كوردستاندا چەندین كاڵای تەكنەلۆژیو پیشەسازی بەرهەمدەهێنێت

"كاڵا تەكنەلۆژییو پیشەسازییەكانم ئامادەن بە شێوەیەكی ڕەسمی ماركەی كوردی حكومەتی هەرێمی كوردستانی بخرێتەسەر" سۆران فەتاح



سۆران فەتاح لەكاتی كاركردنیدا لەسەر پڕۆگرامكردنی مایكرۆكۆنترۆلەر

**ئا: هادی ئەمین**

هەندێك دەڵێن گەنجی كورد خەمساردەو توانای بەهەمهێنانو داهێنانی نییە، بەڵام گەنجێك ئەو بۆچوونەی شكاندو، تا ئێستا چەندین كاڵای ئەلەكترۆنیو پیشەسازی بەرهەمهێناوەو، كاڵاكانی لە مەیدانی پراكتیكیدا كاركردەكەن.

سۆران فەتاح سەعید تەمەن (34) ساڵ دانیشتوی شاری سلێمانیە، ئەو گەنجەیە كە توانیویەتی دەستپێشخەری بكاتو، ئەو بۆ یەكەمینجار بە ماركی كوردستانەوە چەندین كاڵای پیشەسازیو تەكنەلۆژی پێشكەوتووی بەرهەمهێناوە، ئەم گەنجە (20) ساڵە تاقیكردنەوەو توێژینەوەدەكات لە بواری ئەلەكترۆنیدا.

تا ئێستای چەندین كاڵای جۆراوجۆری بەرهەمهێناوە، ئەو كاڵاو ئامێری زۆرم بەرهەمهێناوە وەك: كاشیفەی ئەلغام، كە ئەو ئامێرە توانای هەیە لە ژێر زەویدا ئەلغامو مادە مەعدەنیەكان كەشف بكات ئەویش بەناردنی شەپۆلێك بۆ زەویو پاشان لە ئامێرەكەدا ئەو شەپۆلە وەردەگرمەوەو كاری لەسەردەكەم بەوەش ئاگادارییەك دەتاتە بەكارهێنەر كە لەژێر زەویدا چی جۆرە مەعدەنێكگی لێیە.

هەروەها وتی كۆنترۆڵی پەمپتێستەری سەیارەم دروستكردووەو، تا ئێستاش لە كاردایەو لە مەنتیقە سەناعییەكەی سلێمانییە، شاشەی ئەلەكترۆنی جوڵاوم دروستكردووە بە فۆنتی كوردی كاردەكات، كە ئەم شاشەیە دەتوانرێت بۆ فرۆشگاو كۆمپانیاكان بەكاربهێنرێت، بە شێوەیەكی ئاسان خاوەن كارەكە دەتوانێت ڕیكلامەكانی تێیدا بنوسێتو، ئامێرەكەش بە ئۆتۆماتیكی نیشانی دەدات، ئێستا نمونەی ئەم ئامێرەشم هەیەو تەواوم كردووە.

هەروەها كاك سۆران چەندین ئامێری پزیشكی دروستكردووە وەك: كۆتەری پزیشكیو، ئامێری تەختیتی گوێ.

هەروەها وتی: "تێستەری عەقڵی سەیارەی مۆدێل تازەو عەقڵی سەیارەم دروستكردووە، ئەم ئامێرە تاوانای هەیە عەقڵی سەیارەكەو هەموو خەلەلێكی ناو سەیارەكە ئاشكرا بكات، كە بۆ دروستكردنی ئەم ئامێرانە توانایو كاتێكگی زۆرم سەرفكردووە"

سۆران فەتاح وتی "عەدادی بەنزینخانەم بەرهەمهێناوە، تا ئێستا نزیكەی (35) عەدادی بەنزینخانەم بە ستانداردی جیهانی خستۆتەبازاڕەوە، ئەم كاڵایە كۆنترۆڵی پەمپی بەنزینخانە دەكاتو نرخو لیترەكان بە شاشەی تایبەت نیشاندەداتو، لە زیاتر (10) بەنزینخانەدا بەرهەمەكەم كاردەكات".

سۆران فەتاح سەبارەت بە تەكنەلۆژیای بەرهەمەكەی دەڵێت ئەو كاڵایانەی من بەرهەمیان دێنم سفتوێرو هاردوێرەكەی خۆم دیزاینی دەكەم، مایكرۆكۆنترۆڵەری تێدابەكاردێنم كە تەكنەلۆژیایەكی تازەی سەردەمە.

سەبارەت بە پرسیاری ئایا چۆن بیرتکردەوە مارکەی کوردستان بخەیتە سەر بەرهەمەکەت، لە وەلامدا وتی: " هەموو کەسێك حەزدەکات میلەتی خۆی ناوی لە بەرهەمە جیهانییەکاندا هەبێت بۆیە منیش مارکەی کوردستانم خستۆتەسەر بەرهەمەکانم، بەلام ئەو مارکەیەیی من خستومەتەسەر بەرهەمەکەم هەولێکی تاکە کەسییە، من پێویستیم بە هاوکاریو پشتیوانی حکومەت هەیە، بۆئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی بەرفراوانتر مارکەی کوردستان بخەمەسەر بەرهەمەکانم، چونکە (Trademark) شێوازێکی یاسایی هەیە، داواکارم حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەروارو بە شێوازێکی یاسایی مارکە بخەنەسەر بەرهەمەکم تا بەرهەمەکم مێژوویەکی دیاریکراوی ڕەسمی وەربگرێت"

کالاکانی سۆران فەتاح خواستو کڕیاری هەیەو لەبازاردا سەرفیاتی هەیە، هەندێك لە خاوەن بەنزینخانەکان دەیانویست عەدادی بەنزینخانە لە دەرەوە بهێنن، بەلام ئێستا عەدادەکەی سۆران فەتاح بەکاردەهێنن، عەبدولا جەلال خاوەنی بەنزینخانەی هەوار وتی: "ئێمە چەند ساڵێکە دەمانویست عەداد لە دەرەوە بهێنین، بەلام کێشەکە ئەوە بوو کە ئەگەر خەلەلی تێبکەوێت کێ بۆمان چاك بکاتەوە"

خاوەن بەنزینخانەکان کالاکەی سۆران فەتاحیان بەلاوە باشە، خاوەنی بەنزینخانەی هەوار وتی (پێم چاکە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت عەداد بکڕن، ئەم عەدادە خۆمالییە بکڕن، چونکە چاککردنەکەی لەناو خۆدایەو پێویست ناکات لەدەرەوە کەسێك بهێنیت).

هەروەها یاسین ئەحمەد لێپرسراوی بەنزینخانەی ئەزمەڕ لە سلێمانی سەبارەت بە عەدادەکەی سۆران، وتی:" بە تەجروبەی بەنزینخانەی هەوارو بەختیار کە ئەم عەدادەیان بەکارهێنابوو ئێمەش بەکارمانهێنا، تا ئێستا کێشەی ئەوتۆمان لەعەدادەکەدا بۆ دروستنەبووەو بەرێکوپێکی کاردەکات"

ماکوان ئەکرەم هەورامی خاوەنی بەنزینخانەی مەولانا لە سلێمانی وتی "نزیکەی شەش عەدادی کاك سۆرانم لایەو کارکردنی زۆر ڕێكوپێکە تا ئێستا هیچ کێشەی نەبووە"

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستاندا کارکردن لە بواری بەرهەمهێنانی ئەلەکترۆنیدا گرانەو هێشتا زەمینەی ئەو بوارە نەڕەخساوە، بەلام سۆران فەتاح کۆلی نەداوە لە بەرهەمهێنانو ئەو سەبارەت بە پرۆسەو هەنگاوەکانی کارەکەی وتی: "لە بەر بێئیمکانەتی بە تەنها خۆم هەموو هەنگاوو کارەکان ڕادەپەڕێنم، سەرەتا مەوادی خام پەیدادەکەمو ئامادەیان دەکەم، پاشان سۆفتوێر دادەڕێژم کە ئەمەیان لە هەمووی گرنگترە، پاشان بۆردی بۆ حەفر دەکەم، مەوادەکانی لەسەر دەبەستم، بۆدی ئامادەدەکەمو دەیخەمە ناوی، تێستی دەکەم، بەردەوام چاودێریشیان دەکەم"

سۆران فەتاح لە کاتی کارکردندا چەندین کێشەی هەیە، وەك خۆی وتی: "سەفەرکردنو هێنای کەرەسەی خاو بۆ کالاکانم یەکێکە لە کێشەکانم کە زۆر ماندووم دەکاتو هیچ هاوکارییەك ناکرێم، گەورەترین کێشەشم لایەنی مادییەو نەبونی شوێنی فراوەنە بۆ کارکردنم"

سەبارەت بە وەلامی پرسیاری: ئایا ئامادەییت هەیە لە کورددستاندا کارگەیەکی بەرهەمهێنانی کالای ئەلەکترۆنی دامەزرانیو بەڕوەیبەریت؟ سۆران فەتاح لە وەلامدا وتی: "من ئامادەم بەرهەمی کوردی بەرهەمبهێنم تا ئەو کلتورە نەمێنێت، کە دەلێت کورد توانای زانستی نییەو گالتەیان دێت لە بەرهەمی کوردی، بە دلنیایی تەواوەوە دەتوانمو ئامادەم کارگەی ئەلەکترۆنی لە کوردستاندا بەڕێوەبەرم بەسەهەم یان بەسەربەخۆیێت، ئەگەر کارگەیەك لە کوردستان دابمەزرێنم تەنها مەبەستم سودی مادی نییە، بەلکو دەمەوێت کاری زانستیو وەبەرهێنانی تێدابکەمو سودی نەتەوەیی هەبێت، دەشتوانم بەشێوەیەکی باش کارەکان ڕاپەڕێنمو دەزانم چۆن پەیوەندیەکان بەڕێوەبەرمو پێداویستیەکان دیاریبکەم"

سەبارەت بە گرنگی پرۆژەی سۆران فەتاح لە ڕووی ئابوورییەوە، موسا موحەمەد- مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕیو ئابوری زانکۆی سلێمانی وتی: (ئەو کالایەی کاك سۆران بەرهەمیهێناوە لە نزیکەوە بینیومە، لە بواری ئابورییەوە وەك شمەكو کالایەکی ستراتیژی ئەلەکترۆنی دەیبینم بۆ کوردستان، ئەم پرۆژەیە دەتوانێت سەرەتایەك بێت بۆ دروستکردنی چەندین چالاکی ئابوریو بنەمایەکیش بێت بۆ هەناردەی کالا، ئەگەر هەناردەشمان هەبوو ئەوا هەلی کار لە نێوخۆدا زیاددەکات، حکومەت دەتوانێت ڕێگری بکات لە هاتنەناوەوەی عەدادی بیانی تا بازاڕ بۆ ئەم کالا نێوخۆییە دروستبکات).

دکتۆر خالید حەیدەر- مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕیو ئابوری زانکۆی سلێمانی سەبارەت بە پرۆژەکەی سۆران وتی: "لە ڕووی زانستیو ئابوریەوە دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، لەبەرئەوەی ئەو پرۆژەیە ڕێگری دەکات لە کالآی هاوردە، کە ئەوەش هەنگاوێکە بۆئەوەی سامانی هەرێمی کوردستان نەچێتەدەرەوە لەڕێی کڕینی کالآو خەرجکردن بە چاککردنەوەی کالآکان"

بۆ هەڵسەنگاندنی کارو توانایی سۆران فەتاح لە ڕووی زانستی ئەلەکترۆنیەوە، دکتۆر موهەند کازم – پسپۆڕ لە بواری بەرمەجەی ئەلەکترۆن دیجتالداو مامۆستا لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی وتی: (سۆران فەتاح کەسێکی ماندووەو، هەوڵێکی زۆری داوە، زانیاریی تەکنیکی باشەو لە بواری کارکردندا شارەزاییەکی زۆر باشی هەیە، ئەو توانیویەتی بەو زانیارییانەی ئەو کارتو پارچە ئەلەکترۆنیانە دروستبکات، ئەو تەکنەلۆژیایەی ئەو بەکاری دێنێت دادەنرێت بە تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو، چونکە مایکرۆکۆنترۆلەر بەکاردێنێت لە دیزاینی ئامێرەکاندا کە ئەمەش نەرمییەکی زۆری هەیە کە دەتوانێت چەندین فرمانی جۆراوجۆری پێ بەڕێوەبەرێت، بێئەوەی گۆڕانکاری بکات لە بەشی هاردوێردا).

لەبارەی چۆنێتی یارمەتیدانی سۆران فەتاح دکتۆر موهەنەد وتی: (خوازیارین کە حکومەت یارمەتی بدات، پرۆژەی بچوکی بۆ بکاتەوەو قەرزی پێبدات، تا بتوانێت کارگەیەك دابمەزرێنێت، کە ئەوەش کارێکی گرنگە بۆ کوردستان، تا کەسانیتریش سود لەم جۆرە کارگانە وەربگرن، هەروەها زانکۆ یارمەتی بداتو ئەم خاوەن توانیانە بگرێتەخۆ، چونکە ئەگەر لە زانکۆدا گرنگی پێبدرێت، ئەوا دەتوانێت داهێنان لە بواریتریشدا بکات).

داواکارییەکانی سۆران فەتاح وەك خۆی وتی بریتین لە:

1- داواکارم حکومەت مافی ئەو داهێنانم بۆ بپارێزێت، ئەم کالآیە بەرهەمێکی تەکنەلۆژی ئەلەکترۆنی ئالۆزە، من خۆم بەشی سۆفتوێرو هارد وێرەکەیم دیزاینکردووە، تەقلیدی هیچ کۆمپانیایەکم نەکردووە، ئەمەش داهێنانە (Patent)ـە.

2- داواکارم هاوکاری تەواو بکرێم (بە مینحە یان بە قەرز بودجەم بۆسەرفبکرێت)و زەویم پێبدرێت، تا کارگەیەکی کەرتی تایبەتی بەهەمهێنانی کالآی تەکنەلۆژی دابمەزرێنم.

3- کارئاسانی سەفەرکردنم بۆبکرێت بۆ دەرەوەی وڵات، تا مەوادی خام بهێنم بۆ پرۆژەکەمو لایەنی زانستیم بەرزتر بکەمەوە.

4- داواکارم لە لایەن زانکۆکانی کوردستانەوە، هەڵسەنگاندنم بۆ بکرێت بڕوانامی زانکۆییم پێبدرێت لە بوارەکەی خۆمدات.

5- داواکارەم خولی زانستیم بۆ بڕەخسێنرێت لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، تا زیاتر شارەزایی وەربگرم لە بوارەکەی خۆمدا.

سۆران فەتاح دەڵێت "ئەگەر لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری بکرێم، ئەوا بە دڵنیاییەوە پێویستیە تەکنەلۆژییەکانی کوردستان دابیندەکەمو کێبرکێی هاوردە دەکەمو هەناردەی کالآی تەکنەلۆژی پێشکەوتوو بەمارکی کوردستانەوە دەخەمە بازاڕەکانەوە، من بۆ ئەوەش پێویستم بە چەند ئامێرێك هەیە، وەك ئامێری پرنت سێرکت بۆردو ئامێری لەڤی محەولات، کە خۆم توانای کڕینی ئەم دوو ئامێرەم نییە، ئەم ئامێرانە لە بەغدادو تەهران هەن، بەڵام ئایا بۆچی لە کوردستانی خۆشماندا نەبێت"

هەروەها داوایکرد کە ئەدرەسی بڵاوبکرێتەوە، تا ئەو کەسانەی کە خەمخۆری بواری زانستیو بەرهەمهێنانی ناوخۆیین لە کوردستاندا بتوانن بە ئاسانی پەیوەندی پێوەبکەن، هەربۆیە لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا ئەدرەسی کاك (سۆران)ـمان نوسیوە.

لە کۆتایی ئەم ڕیپۆرتاژەدا پرسیارێکی گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ئایا لە کوردستاندا کەسێك، وەزیرێك، دامەزراوەیەك، وەزارەتێك هەیە، هیمەت بکاتو گرنگی بەم کەسە بەتوانایە بداتو گوێبستی داواکانی بێت؟! وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕۆژگارەکانی داهاتوودایە، لە داهاتودا بۆمان دەردەکەوێت کە ئایا کورد گرنگی داوە بە کەسە بەتواناو داهێنەرەکانی.

**<u>ناونیشانی سۆران فەتاح:</u>**

**هەرێمی کوردستان، سلێمانی**

**ژمارەی مۆبایل: ئاسیا: (07701458441)، نۆرماڵی سلێمانی: (0533242536)**

ئیمەیل: Soran_elechip@yahoo.com




عەدادی سۆران فەتاح لە بەنزینخانەی مەلاونا لە شاری سلێمانی




مارکەی کوردی خستۆتەسەر بەرهەمەی کۆنترۆلەری عەدادی بەنزینخانە



شاشەی ئەلەکترۆنی بە فۆنتی کوردی




ئامێری تەختیتی گوێ